**سلێمانی: عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی جەلالی سام ئاغای کرد**

**Source : knnc.net**

**وەفدێکی باڵای کۆمەڵی ئیسلامی بە سەرۆکایەتی عەلی باپیر ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی سەردانی
جەلالی سام ئاغا سەرۆکی پێشووی دیوانی چاودێری دارایی سلێمانی کرد.**

**ڕێبوار حەمەد وتەبێژی کۆمەڵی ئیسلامی ڕایگەیاند: سەردانەکەی ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی
سەردانێکی ئاسایی بووە بۆ ڕێزگرتن لە خەبات و ماندووبونی جەلالی سام ئاغا و گرنگی هەوڵەکانی
بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی.**

**وتیشی: بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان پێویستی بە کەسانی هاوشێوەی جەلالی سام ئاغا هە
یە بۆ ئەوەی گەندەڵی لە دامودەزگا و یەکە ئیداری و حکومییەکاندا نەمێنێت.**

**ڕاشیگەیاند: لە سەردانەکەدا بارودۆخی ئێستای هەرێمی کوردستان و پرسی ڕیفراندۆم و کۆی قە
یرانە دارایی و سیاسیەکان گفتوگۆیان لە بارەوە کراوە.**